کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-11-2007 16:34بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**دوژمناکانی کورد وادەزانن کوردستان لەناو فەزادایە بۆیە قەبوڵناکەن باکورو باشوورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای هەبێت!! ... باوکی شازاد**

سەیرکەن دەبەنگی دوژمنانی داگیرکەری وولاتەکەمان گەیشتۆتەچ ئاستێکی نزم دەیانەوێت دژی سروشتی کوردستانیش بوەستن، لەکاتێکدا کە یەکێتی ئەوڕوپا لە بابەتێکدا بۆچون و پێشبینیەکانی خۆیان دیار دەخەن، ئەگەر هێزەکانی تورکیا هێرش بکەنە سەر باشوری کوردستان ئەو سنورە ببەزێنن ئەوکارە ئاکامی خراپی لێ دەکەوێتەوە دەبێتە هۆی ئەوەی نرخی نەوت زۆر بەرز بێتەوە هەر بە هەمان شێوەش لە هەموو جیهان کاڵاکان نرخیان گران دەبێت، کەخۆی ئەو پێشبینیانە شتێکی زۆر نۆرماڵ و ئاساییە لەهەر شوێنێکی ئیستراتیجی دونیا بەتایبەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قەیرانێک دروست بوو ڕاستەوخۆ کاریگەری دەکاتە سەر دەوڵەتە پێشکەوتوە پیشەسازیەکانی جیهان، ئەوە بە مسۆگەری دەبێتە هۆی بڵاو بونەوەی دیاردەی گرانی بەتایبەتی ئەگەر لە نزیک سەرچاوە نەوتیەکان بێت، بەڵام دیارە تورکەکان قەبوڵ ناکەن هەرێمی کوردستان بە باشور ناو ببرێت گوایە هەر شوینێک ئەگەر بە باشور ناوببرێت!!! بە شیوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێ ئەوشوینە باکوریشی هەبێت ئەو باکورەش دەبێ کوی بێت؟ هەڵبەتە باکوری کوردستانە واتە بە قسەی تورکەکان دەکاتە باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، بەو شیوەیە واتە یەکێتی ئەوڕوپا دان بەوە دادەنێت کە کوردستانی باکوریش هەیە کە باکور و باشور هەبێت دەبێ ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاواشی هەبێت ئەویش خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دەبینێتەوە کە دەکەوێتە ڕۆژ ئاوای دەوڵەتی ئێران، ڕۆژ ئاوای ئەو کوردستانە دابەش کراوەش دەکەوێتە باکوری ڕۆژ هەڵاتی دەوڵەتی سوریا، کە بەڕاستی پیاو سەری سوڕ دەمینێ لە هەڵویستی ئەو دەوڵەتانە کە خۆیان بەو شتە پوچ و بێ مانایانە خەریک کردوە دەیانەوێت بەری ڕۆژ بە بێژینگ بگرن، ئەوەش دەبێ هەر بۆخۆیان ئاسنی سارد بکوتنەوە، بە دەمی خۆیان دەیسەلمێنن کە هیچ بیرو باوەڕیان نە بە مافی مرۆڤ هەیەو نە بەدێموکراتیەت وە نە باوەڕیان بە مێژوو جوگرافیا هەیە ئەوان دەیانەویت باشوری کوردستان بە باکوری ئیراق بناسێنن کە ئەوەش یەکێکەکە لەو سیفاتانەی کە تورکیا هەیەتی بۆ ئەوەی بە دەوڵەتێکی ڕەگەز پەرست پێناسە بکرێت، لەبەر ئەوەی هەموو شتیک بۆخۆیان بە مافیکی سروشتی دەبینن بەڵام بۆ خەڵک بە حەرامی دەزانن، بۆیە زۆر بە هەڵەداوان و بە پەلە یەکێک لە بەچکە تۆرانیە کەمالیستە ڕەگەز پەرستەکان بە ناوی (ئۆنور ئۆیمەن) کە جێگری سەرۆکی پارتی گەلی کۆماریە زۆر بە توندی بەرپەرچی یەکێتی ئەوڕوپای دایەوەو داوای لە پەڕلەمانی شەڕانگێزی لەخۆبایی تورکیای کرد کە بە ڕەسمی ناڕەزایی پێشکەش بکەن بە یەکێتی ئەوڕوپا بۆ ئەوەی جارێکی تر ناوی پارچەکانی کوردستان نەبەن بەو شێوەیە دیارە دەبی یەکێتی ئەوڕوپاش بکەوێتە ژیر هەڕەشەکانی پەڕلەمانی ئۆغلانەکانی تورکیا، ئەگەرنا لەوانەیە پەرلەمانی تورکیا بڕیارێک بدەن ئۆپەراسیۆنێک دژ بە ئەوڕوپیەکان ئەنجام بدەن و چەند دەوڵەتێکی ئەوڕوپی داگیر بکەن کە سنورەکانیان دەکەوێتە سەر سنوری تورکیا هەر چۆن لە ساڵی 1974 بە بڕیاری پەڕلەمانی تورکیاو لەژێر سەرکردایەتی مافیای نێو دەوڵەتی گۆڕبەگۆر (بلێند ئەجەوید) لە ماوەی چەند کاتژمێریک پارچەیەک لە خاکی قوبرسیان داگیر کرد، بە بیانوی ئەوەی کە چەند هەزار تورکمانێک لەو شوێنە دەژین بەبێ ئەوەی ڕەچاوی هیچ بنەمایەکی نیو دەوڵەتی و مرۆڤایەتی بکەن، هەتا ئێستاش ئەو ناوچەیە لە ژێر دەستی هێزەکانی تورکیایەو خەڵکەکەشی دەربەدەر بوونە و تورکمانەکانیش ژیانێکی زۆر سەخت و پڕ لە کۆڵەمەرگی دەبەنە سەر خەڵکانی تری قوبرسیش وەکو ئەوڕوپیەکان دەژین هەرچەندە بەشێک لە خاکی وولاتەکەیان داگیر کراوە، بەڵام تۆرکمانەکان لە خەڵکی تورکیاش خراپتر ژیان دەبەنە سەرو توشی داوی خۆیان بونە بەدەستی ئەو تورکانە، هەر بەو زوانەش دەوڵەتە شەرعیەکەی قوبرس دەچێتە پاڵ بازاڕی یەکێتی ئەوڕوپا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەربۆ تەئکید کردنەوە لە قسەکانیشم (عەبدوڵا گوڵ) سەرۆک کۆماری تورکیا لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لە گەڵ ڕۆژنامەی (مەعاریفی) ئیسرائیلی دەڵێ ئەگەر لەبەر هەندێ پرانسیپی نێو دەوڵەتی نەبێت هێزەکانی تورکیا دەتوانێ ئێراق لەسەر نەخشەی جیهان بسڕێتەوە!!!! پیرێژن ووتەنی ئای سلاو لە ئەقڵتان ڕۆڵەکانی ئەتاتورک هەتا کەی نابن بە ئینسانێکی سەردەمی نوی خواز؟؟ هەتا ئێستا هەروادەزانن ئەوان لە زەمانی ئیمپراتۆریەتی دەوڵەتی عوسمانلی جارانی کۆنە پەرست و جاهیل دەژین حوکمی دونیای ئیسلام دەکەن و ماوەی 800 ساڵ بە درۆو دەلەسە ئەو خەڵکەیان بە ناوی خەلافەتی ئیسلام لە خشتە بردبوو هەر بەهەمان بیرو بۆچون لە شتەکان دەڕوانن لە لایەک ئەوە بۆچونی سەرۆک کۆمارو سیاسەت مەدارەکانیانە لە لایەکی تریش وەکو ژنی دوگیان (مەگیرانی) بە چونە ناو یەکێتی ئەوروپا دەکەن بۆ ئەوەی تێر بە زگی خۆیان بخۆن، باشە دەوڵەتێک ئەوە بیرو بۆ چونی بێت و بەو ئەقڵیەتەوە بیر بکاتەوە، دەبی چۆن بتوانێت ئەو هەموو دەوڵەتە ئەوروپیە مۆدێرنە ئاشتیخوازو دیموکرات و پێشکەوتوە لە هەموو بوارێک بخەڵەتێنێت وخۆیان بێننە ڕیزی دەوڵەتێکی وەکو تورکیای برسی و شەڕانگێزو بی ئەقڵ و داگیرکەر و خاوەن ئابوریەکی داتەپیو و ژمارەیەکی 65 ملیۆن کەسی بی دەرامەت بەڕاستی شتێکی زۆر خەیاڵیە ئەوانە قەبوڵ بکرێن وەکو ئەندامێکی کارا لەو یەکێتیە، ئەگەر نزیکیشیان بخەنەوە پاش ئەوەی هەموو مەرجەکانی ئەوروپی جێبەجێ بکەن لەوانەیەش مەسەلەی گەلی کوردە لە پێشەوەی مەرجە سەرەکیەکانە، ئینجا وەکو ئەندامێکی (یانەی ئەوروپی) یارمەتی بدرێن بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە بتوانن ئەو مێشک و کەللە پوتانە بیننە ڕیزی خەڵکی سروشتی لە سەر سکەی شەمەندەفەر بێنە خوارەوەو بێنە سەرڕێگای مرۆڤەکان ڕێ بکەن، لەبەر ئەوەی هەتا ئیستا بەداخەوە ئەوانە بەدوای کلاوی بابردو کەوتون دان بەوە دانانێن کە ئەوان ڕۆژیان بەسەر چووە، ئێستا باوی تەکنەلۆجیاو ئێنتەرنیتە، ڕۆژی پێشکەوتنی پیشەسازیە، ڕۆژی لەیەک گەیشتنی هەموو ئینسانەکانە، ئێستا ڕۆژی ئەوەیە کێ بتوانێت خۆی پێشبخات و هاووڵاتیانی خۆی بە باشترین شێوە بژێێنیت وهەموو پێویستیەکانیان بۆ دابین بکات، کەی باوی ئەوە ماوە خۆت بکەیت بە فسفس پاڵەوان لە ناوچەیەک کەوا پڕیەتی لە تەنگوو چەڵەمەی گەورەو ناوچەیەکی گرنگە بۆ بەرهەمهێنانی نەوت کە بەرژەوەندی ئابوری دەوڵەتە پێشکەوتوەکان کەوتۆتە ئەو شوێنە، ئەوان دلخوازی ئەوەن ئەو ناوچەیە ئارامی بە خۆیەوە ببینێت، بەهەزارەها خەڵکیان ژیانی خۆی لە دەست داوە بۆ ئەوەی دیکتاتۆرێکی شەڕانگێزی وەکوو سەددام لابدەن و بەسەدان ملیار دۆلاریان خەرج کردوە بۆ ئەو مەبەستە، ئیستا چۆن قەبوڵ دەکەن عەنتەرێکی تر لەو ناوچەیە پەیدا بێت و هەرەشە لە ئارامی ناوچەکە بکات، ئەوە ئێستا هەر هەمویان خەریکن چۆن سنورێک بۆ دەوڵەتی ئیسلامی ئیران دابنێن کە بە مەترسیەکی گەورە دەزانرێن لەو ناوچەیە، ئێرانیەکان دەتوانن زۆر لە تورکیا شتی خراپتر بکەن ئەگەر بزانن بۆیان دەچێتە سەر!! بەڵام ئەوانیش هەردەبی لەو خەیاڵەدا بژین کە بتوانن خەونەکانی ئیمام خومەینی بێننە جی ئەویش بڵاو کردنەوەی شۆڕەشی ئیسلامیە لە جیهان بەتایبەتی لە جیهانی ئیسلامی و عارەبی کە لە کاتی خۆی توانرا ئەو تەشەنە کردنە لە ڕیگای سەددام حوسینەوە فاشەل پێ بهێنن، ئیمام بەو حەسرەتەوە سەری نایەوە، دیارە ئەحمەدی نەژاد دەیەوێت وەسیەتەکەی ئیمام جی بەجێ بکات بەڵام ئەگەر کار بەو شیوەیە بڕوات ئەوە (بۆ ڕیش دەچن سمێلیشیان دەخەنە بانی) هەرگیز کەس قەبوڵ ناکات حکومەتی ئیران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و دیارە هەردوو دەوڵەتی (ڕوسیاو چینیش) بۆ بەرژەوەندی خۆیان جاربەجار هەندیک یارمەتیان پی دەدەن لەو بوارەوە، بەرامبەر بە پارەیەکی زۆر کە هەمووی لە دەمی خەڵکی موحتاج و هەژاری ئێرانەوە دەگرنەوە و بەدوای ئەو کارە شێتانە یە کەوتون و گەلی ئێرانیان برسی کردوە بەدەردەکەی سەددام چونە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەهەرحاڵ با لە سنوری بابەتەکە دەرنەچین، لەبیرتانە لە ساڵی 1998 دیسان میسری ووتەنی (بەلتەگیەکانی) تورک هەڕەشەی لیدانی سوریایان کرد ئەگەر سەرکردایەتی پەکەکە دەرنەکات، ئەوەبوو لە ڕیگای حوسنی موبارەکەوە گەیشتن بە ڕێککەوتنێک سەرۆکی پارتی کریکارانی کوردستان ڕێزدار (عەبدوڵا ئۆجەلان) یان لە سوریا دەرکرد هەتا لە کینیا بە یارمەتی (ئەمەریکاو ئیسڕائیل) توانیان بیگرن و ڕادەستی تورکیای بکەنەوە دیارە بە هەمان شێوە دەیانەوێت سیناریۆکە دوبارە بکەنەوە بەڵام خەیاڵیان خاوە (ئەو هەوارە بەڵام ئەو بەهار نیە) جارێکی تر شتی وا دوبارە نابێتەوە هەرچەندە ئەوان ئۆجەلانیان گرت بەڵام چەند کەسێکی وەکو ئەو لە شوێنی دروست بونەوە ئێستاش وەکوو وەفایەک بۆ ئەو سەرکردە مەزنە ڕێزی لێ دەگرن و هەندی جار بۆ بەرژەوەندی گشتی گوێ لە ڕاوو بۆ چونەکانی دەگرن ئەگەرنا بە شێوەیەکی پراکتیکی هیچ کاریان پێی نەماوە لە ڕۆژی بەدیل گرتنی کاری ئەو بەڕێزە تەواو بوو لەبەر ئەوەی کەسێک کە دیل کرا خاوەنی قسەی خۆی نابێت بە زۆر شێوە وای لێ دەکەن هەندێ ئاخافتن بکات کە لە بەرژەوەندی گەلەکەیدا نیە، هەتا تورکیا بەو شێوە ڕەفتار بکات و دان بە مافی کوردا نەنێت و واز لەو شەڕانگیزیە نەهێنیت شتێکی مەحاڵە بتوانێت خۆی بگەیەنێەتە ڕیزی دەوڵەتە پێشکەوتوەکانی جیهان هەردەم لەجیاتی نزیک کەوتنەوەیان بۆ چونە ناو یەکێتی ئەوڕوپا بە پێچەوانەوە دورتر دەکەوێتەوە، خەڵکی ئەوڕوپا ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر شارەزایان دەبن و بێزیان لە کردەوەکانیان دەبێتەوە، کە دورن لە هەموو بنەمایەکی سەردەمی شارستانی، لەکاتێکدا کە (دەنیز بایکاڵی) سەرۆکی پارتی گەلی تورکیا هەتا ئێستا دژی هەر نزیک کەوتنەوەیەک بوو لە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان دیارە ئێستا گەیشتوە بە قەناعەتێک دەبێ پەیوەندیەکان دروست بکرێنەوە لەگەڵ کوردەکانی باشور بۆیە یەکسەر حکومەتی تورکیا پشتگیری لە پێشنیارەکەی دەنیز بایکاڵ کردو هەر ئیمرۆش سەرۆکی پەڕلەمانی تورکیا ئەویش پشتگیری لەو پێشنیارە کرد، بەمەرجێک ئەوە پلانێک نەبێت بۆ ئەوەی هێزەکانی کوردستانی باشور بنێن بە گژ پارتی کریکارانی کوردستان؟ لەبەر ئەوەی ئەو دەنیز بایکاڵە هەتا ئیستا دوژمنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو چۆن وا بە ئاسانی رای خۆی گۆڕی داخوازی لە حکومەتەکەی دەکات گفتوگۆ بکەن لەگەڵ کوردەکانی باشور، دیارە وەفدێکی کوردان بەرەو تورکیا کەوتە ڕی بەڵام چۆن وەفدێک کە هیچ پەیوەنیان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نیە وەفدیکی حیزبی کەم دەسەلات کە پێکهاتەیەکی سەیری هەیە ئەوە جاری یەکەمە ئەوانە هەندێکیان بە ناوی کوردەوە دەربچن خەڵکانی وەکوو (مامۆستا عەلی باپیر و سەڵاحەدین بەهائەدین و مەحەمەدی حاجی مەحمود) لەگەڵ دوو لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی بەڕێزان (دکتۆر ئەڕسەلان بایز و عیزەدین بەرواری) کە خۆی لەخۆیدا وەفدێکی سەیرو سەمەرەیە بەڵام دیارە ئەوەندە لە حکومەتی تورکیا ڕانابینن کە خەڵکانی تری سەر بە حکومەتی هەرێم بچن نەوەک پێشوازیان لی نەکەن بەڕاستی کورد ناهەق نین کە پێکهاتەی وەفدەکە بەو شێوەیە بێت لەبەر ئەوەی ئەوانە زۆر لەخۆیان بایی بونەو لەسنوری ئەخلاقی پرۆتۆکۆلی نێوان دوو ووڵات دەردەچن هەروەک لە گەڵ وەفدە ئیراقیەکە کردیان، لە ئوتێلی پۆلیس نواندبویان و پارەی بەنزینی تەیارەیان لی وەر گرتبونەوە، زۆر بێریزی تریان کردبوو بەرامبەریان بەڵام لەبەر گرژی بارو دۆخەکە حکومەتی ئیراق بەسەر خۆی نەهێنا کە چی کراوە لەو وەفدە، هەتا کار گەیشتۆتە ئەوەی پارتە ڕەگەز پەرستەکان داوای بەڕەسمی لەسەر هەڤاڵ (مام جەلال) پێشکەش بە دادگا بکەن گوایە بە قسەی ئەوان بەڕێز مام جەلال یارمەتی پەکەکە دەدات بۆیە دەبێ دەستگیر بکرێت، بەخوا سەیرە باشە من نازانم خۆیان بەچی دەزانن، تۆ بلێی خەڵکی دونیا هەمووی لە تورکیا بترسن، کەچی لەوباوەڕەدام ئەگەر ئەمریکا ڕێگا بدات بە کوردەکانی تورکیا بە ماوەی یەک ساڵ تەپلیان پێ لێ دەدەن دەبی سەرکردەکانی حکومەتی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-11-2007 16:34بەکاتی ناوەندی ئەوروپا
تورکیا بچنەوە بۆ سەر مینبەری مزگەوتەکان قورئانەکانیان بەرز بکەنەوە داوا لە گەلی کورد بکەن بڵێن بۆ خاتری ئەو قورئانە پیرۆزە شەڕ ڕابگرن ئێمە براین با کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکەین، سەرکردە عەسکەریەکانیش وەکو سەگی پیر دەبێ هەر هەمویان خۆیان خانەنشین بکەن تاکوو وولاتەکەیان لەو زەلکاوە دەربچێت، بەلام دیارە دەوڵەتە ئەوروپیەکان و ئەمەریکا هێشتا نەفەسیان توند نەبوە لە تورکیا بۆیە فرسەتی تریان پێ دەدەن، تاکوو خۆیان چاکبکەن لەبەر ئەوەی تورکیاش شووێنێکی گرنگە بۆ ئەوان، هیوادارم ڕۆژێک دابێت هۆشیان بێتەوە سەر خۆیان مەسەلەی گەلی کورد چارەسەر بکەن پێش ئەوەی بیانکەن بە تەیرێکی مەعقول هەروەکوو کە لە کاتی خۆی دەوڵەتی عوسمانلی باوەگەورەیان بەسەری هات بە چاوچوقانێک پارچەپارچەیان کردن، هەروەها تۆڵەی گەلی ئەرمەنیان لێ بکەنەوە کە لە کاتی خۆی جینۆسایدیان کردن ئەوەی کوشتیان ئەوانی تریش دەربەدەری وولاتان بوون، بەهیوای پارجە بونی تورکیام بە زوترین کات، بۆیە دەڵێین تۆڵە بەسەبرە ئەمما بەزەبرە خواش لە سوڵتان مەحمودی باپیرەتان گەورەترە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.